کەسێک کوژرا و بیست و سێ کەسی دیکە بریندار بوون لە ئەنجامی هێرشێکی موشێکی ڕوسیادا

کەسێک کوژرا و 23 کەسی دیکە بریندار بوون، لەنێویاندا منداڵێک لە هێرشێکی موشێکی ڕوسیادا بە سەر باڵەخانەکانی شاری میکۆلایف لە باشوری ئۆکرانیا لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕۆژی پێنجشەممە.

سەرۆکی ئۆکراینا ڤۆلۆدیمیر زلێنسکی وتی، ڕوسیا شەوی ڕابردوو بە چوار موشێکی "کالیبر" لە دەریای ڕەشەوە بەمبارانی میکۆلایف کردووە، وتیشی چەکە وردەکان ماڵەکانیان کردەتە ئامانج، بینایەکی مۆژوویی و بینایەکی فرە نهەمی، کەسێکیان کوشت و ئەوانی دیکەیان بریندار کرد و زیانێکی زۆریان بە بیناکە گەیاند.